**لێژنەی فەتوای هەولێر چەند بابەتێك روون دەكاتەوە كە اختلافو را جیاوازی لە ناو موسڵمانان دروست كردووە**

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، دانەری بینای ئیسلام وئیمان، شنەی رەحمەت ببارێتە سەر گیانی پاكی پێغەمبەری ئاخیر زەمان، لە سەر یارانی و ئێمەش بەگشتی بۆ خاتری ئەوان، زانایانی پایەدار، خوێنەرانی ئازیز:

خوای گەورە بەرزترین ئایینی بە ئێمە بەخشیوە، بەرزترین خوا پەرستی بە ئێمە داوە، ئەویش ئەنجامدانی نوێژە، هاوەڵانی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) كاتێك داوای فێربوونی ئیسلامیان لێ دەكرد، دوای شادەو ئیمانی بەحەق یەكسەر ناوی نوێژی دەهێنا، بۆیە پێویستە زۆر بە پوختی و ڕیكوپێكی ئەنجامی بدەین، وە بزانین كەمەبەستی سەرەكی لەئەنجامدانی مەراسیمی عیبادەتەكان لەناو مزگەوت وەك نوێژی جەماعەت و نویژی جومعەو نویژی جەژنەكان.. هتد یەكێتی و یەكریزی موسلمانان و نەهیشتنی جیاوازی و زیاد كردنی خوشەویستییە لەنیوانیاندا، بەڵام بە داخەوە دەبینین لە چەند مزگەوتانی گەورە لە لایەن هەندیك پێشنوێژو بانگدەران گرنگی نادرێت بە جوانكارییەكانی ئەنجامدانی ئەو فەرزە مەزنە و جیاوازیەكی زۆر دروست كراوە لەشیوازی ئەنجامدانی ئەو مەراسیمانە كە بوەتە هۆی ئەوەی جیاوازی و ئیختلاف دروست ببێت لە ناو نوێژخوینان و ببێتە هۆی ئەوەی مەبەستە سەرەكیەكانی ئەنجامدانی مەراسیمی جەماعەت ونویژەكان لەدەست بچێت و موسولمانان مەحروم بن لە چەندین خێرو ئەجری ئەو جوانكاری و سوننەتانەی كەپێویستە

لەگەل ئەو نویژانە ئەنجام بدرێن، بۆیە لێژنەکەمان بە پیویستی زانی داکۆکی لە سەر هەندێك مەسەلە بکات و بەڵگەی پێویست لەسەر ئەو مەسەلانە ڕون بکاتەوە بەهیوای نەهێشتنی خیلاف لە ناو مزگەوتەکاندا:

**١-وەڵامی بانگ بدرێتەوە لەلایەن گوێراگران.**

**٢-دوای بانگ لەلایەن بانگدەرو گوێگر سەلاوات لە سەر پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) لیٚ بدرێت.**

**٣-پێش نوێژە فەرزەکان زیکرو تەسبیحات بکرێت کە لە سوننەتدا هاتووە.**

لە دایکی رافع ڕیوایەت کراوە ڕەزای خودای لێبێت دەفەرمویٚ وتم ئەی پێغەمبەری خوا کردەوەیەکم پیشان بدە کە خودا پاداشتم لە سەری بداتەوە پێغەمبەری خوا درودی خودای لێبێت فەرموی(يَا أُمَّ رَافِعٍ إِذَا قُمْتِ إِلَى الصَّلاةِ فَسَبِّحِي اللَّهَ عَشْرًا، وَهَلِّلِيهِ عَشْرًا،وَاحْمَدِيهِ عَشْرًا، وَكَبِّرِيهِ عَشْرًا، وَاسْتَغْفِرِيهِ عَشْرًا، فَإِنَّكِ إِذَا سَبَّحْتِ عَشْرًا قَالَ:هَذَا لِي، وَإِذَا هَلَّلْتِ قَالَ: هَذَا لِي، وَإِذَا حَمِدْتِ قَالَ: هَذَا لِي، وَإِذَا كَبَّرْتِ قَالَ: هَذَا لِي، وَإِذَا اسْتَغْفَرْتِ قَالَ: قَدْ غَفَرْتُ لَكِ) مانای:ئەی دایکی رافع کاتێك کە ویستت نوێژ بکەی پێش نوێژ (١٠) جار بڵێ (سبحان الله)، (١٠) جار بڵێ (لا اله إلاّ الله)، (١٠) جار بڵێ (الحمد لله)، (١٠) جار بلێ (الله أكبر)، (١٠) جار بلێ (استغفر الله)، چونکە کەوتت (سبحان الله) خوای گەورە دەفەرمویٚ ئەوە بۆ منە، کەوتت (لا اله إلاّ الله) دەفەرمویٚ ئەوە بۆ منە، کەوتت (الحمد لله) دەفەرمویٚ

ئەوە بۆ منە، کەوتت (الله أکبر) دەفەرموێ ئەوە بۆ منە، کەوتت (استغفر الله) دەفەرموێ ئەوە بەراستی لێت خۆش بووم.

ئەم فەرمودەیە ابن سنی لە کتێبی (عمل الیوم واللیلة) ڕیوایەتی کردووە و، شیخ ابن حجر عەسقەلانی لە کتابی (نتائج الأفکار ٣٨٩/١-٣٩٠) بە فەرمودەیەکی حەسەنی داناوە، و ئەلبانیش لە (سلسلة الأحادیث الصحیحة) ٢٨٧/١٤ بە ژمارە ٣٣٣٨ بە حەسەنی داناوە، و چەند فەرمودەی دیکەشی لەم بارەیەوە هێناوە.

## ٤- پێشنوێژ لە دوای بانگ و لە دوای قامەت خەڵکان دوعای (وەسیلە) بکەن.

چونکە ئەم دوعایە خێر و پاداشتێکی زۆری هەیە. لە عبدالله کوری عەمری کوری عاص ڕیوایەت کراوە دەفەرموێ گوێم لە پێغەمبەر بوو دەیفەرموو: (إذا سمعتُمُ المؤذِّن فقولوا مثلَ ما یقولُ. ثمَّ صلُّوا عليَّ. فإنَّه مَن صلّى عليَّ صلاةً صلّى اللهُ علیه بها عشْرًا. ثمَّ سلوا اللهَّ ليَ الوسيلةَ. فإنَّها منزلةٌ في الجنَّة لا تنبغي إلاَّ لعبدٍ من عبادِ اللهِّ. وأرجو أن أكونَ أنا هو، فمن سأل ليَ الوسيلةَ حلَّتْ لهُ الشَّفاعةُ). کە گوێتان لە بانگ بێژ یان قامەت بێژ بوو هەر چیەکی گوت وەك ئەو دوبارەی بکەنەوە واتە وەڵامی بدەنەوە و پاشان صەڵەوات لە سەر من لێ بدەن، چونکە ئەو کەسەی یەکجار صەڵەواتم لە سەر لێ بدات خوای گەورە بە هۆی ئەو صەڵەواتەی ئەوەوە دە جار صەڵەواتی لە سەر لێ دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن لە خوای گەورە، چونکە وەسیلە مەنزڵگایەکە لە بەهەشتا خوای گەورە تەنها بۆ یەك کەس لە

بەندەكانی خۆی ئامادەی كردووەو، ئومێدەوارم ئەو بەندەیە من بم جا هەر كەسێك داوای ئەو مەنزڵگایەم لە خوا بۆ بكات شەفاعەتی من حەڵاڵ دەبێت بۆی.

ئیمامی موسلیم ئەم فەرمودەیەی ڕیوایەت كردووە لە (صەحیحە)كەی ١/٢٨٨ بەژمارە:٣٨٤

جابزانن قامەتیش هەروەكو بانگە، ئەوانەی دوای بانگ سوننەتن بەهەمان شێوە دوای قامەتیش سوننەتن، لە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) هاتووە قامەتیش بانگەو بە قامەتیش وتراوە بانگ ئیمامی بوخاری لە پێغەمبەری خوداوە ریوایەت دەكات كە پێغەمەری خوا فەرموویەتی: ( بين كل أذانين صلاة ثم قال في الثالثة لمن شاء) واتە: لە نێوان هەر بانگ و قامەتێكدا نوێژێكی سوونەت هەیە ئەم وشەیەی سێ جار دووبارە كردەوە پاشان فەرمووی هەركەس ئارەزوو دەكات. بڕوانە: (صحيح البخاری١/١٢٨) فەرموودەی ژمارە:٦٢٧.

زانایان دەفەرموون مەبەست لە وشەی (أذانين) بانگ و قامەتە بە بەڵگەی (لمن شاء) ئەگەر مەبەستی تەنها بانگی نوێژە فەرزەكان بێ و مەبەستی قامەت و بانگ نەبێ نەدەبوایە بفەرموێ (لمن شاء) چونكە ئەگەر تەنها مەبەستی بانگ بێت ئەو وەختە مانای ئەوەیە لەنێوان دوو بانگدا نویژێك هەیە هەر نوێژیك بێت نوێژە فەرزەكانیش دەگریتەوە كە واتەمرۆڤـ دەتوانێت نوێژە فەرزەكانیش ئەنجام نەدات، چونكە دەفەرمووێت(لمن شاء) هەر كەس حەز دەكات بۆیە زانایان دەفەرموون مەبەستی نوێژی سوونەت لە بەینی بانگ و قامەتەو وشەی (أذانين) تەغلیبە مەبەستی بانگ و قامەت وەك وشەی (القمرين) وایە كە مەبەست

پێی رۆژ و مانگە چەندین وشەی دیکەش لە زمانی عەرەبیدا ئەوها بەکاردێن، بۆیە زانایانی مەزهەبی حەنەفی و شافیعی وحەنبەلی دەفەرموون دوعای وەسیلە لە دوای قامەتیش سوننەتە. بڕوانە (فتح القدیر ٢١٧/١، المجموع ٣/ ١٣٠ والمغنی لابن قدامە ٤٤٠/١).

**٥- پێویستە ئیمام لە سەرەتای دەستکردن بە خوێندنی سورەتی فاتیحە (بسم الله الرحمن الرحیم) بەدەنگ بخوێنی لە نوێژە بەدەنگەکان (الجهریە):**

ئەگەر چی ئەم بابەتە جیاوازی تێدا هەیە لە نێوان مەزهەبە موعتەبەرەکاندا لەبەر جیاوازی بەڵگەکانی لەسەر ئەم بابەتە ڕیوایەت کراون، بەڵام لەبەر ئەوە مەئمومەکان هەموو مەزهەبیان شافعیە پێویستە هەرکەس ئیمامەتی دەکات لە نوێژە فەرزەکان بەدەنگی بەرز (بسم اللە الرحمن الرحیم) بخوینی وە زانایانی مەزهەبی شافعی دەستیان بە چەند بەڵگەیەکەوە گرتووە لەم بابەتەدا و فەرموودەی ئەوان ڕاجیحە.

بەڵگەکان:أ- نەعیمی موجمیر ڕیوایەت دەکات دەفەرموێت نوێژم لەدوای أبوهریرە وەکرد کە نوێژی دابەست فەرمووی: (بسم اللە الرحمن الرحیم) و پاشان فاتحەی خوێند فەرمووی (آمین) و خەڵکیش وتیان آمین... لە کۆتاییدا دوای ئەوەی سەلامی دایەوە فەرموی:( والذي نفسي بيده إني لأ شْبَهكم صلاة برسول الله صلى الله عليه وسلم)واتە:سوێند بەو کەسەی نەفسی من بەدەستە من لە هەموتان زیاتر نوێژەکەم بە نوێژی پێغەمبەر دەچێت.

ئەم فەرمودەیە ئیبن حەبان ڕیوایەتی کردووە زانای حەدیس شێخ شوعەیب ئەرنەئوت دەفەرموێ صەحیحە لە سەر مەرجی مسلم. بڕوانە (صحیح ابن حبان ١٠٠/٥)و ئەم فەرموودەیە نەسائی و ابن خزیمە و دار قطنی وحاکم وبەیهەقیش ڕیوایەتیان کردووە.

ب- ئیبن عەبباس دەفەرموی ( کان النبِّی صلی الله علیه وسلم یجهر بسم الله الرحمن الرحیم فی الصلاة) واتە:- پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت بسم الله الرحمن الرحیم ی بەدەنگی بەرز دەخوێند لە نوێژدا. دار قطنی ریوایەتی کردووەو بە صحیحی داناوە ٦٨/٢ بەژمارە(١١٦٠)

ج-بسم الله الرحمن الرحیم ئایەتێکە لە سورەتی فاتحە چونکە فاتحە ناو نراوە بە ( سبع المثانی ) پرسیار لە ئیمامی عەلی کرا ڕەزای خوای لێبێت لە بارەی ( سبع المثانی ) کام سورەتەیە فەرموی سورەتی فاتحەیە وتیان ئەی ئیمام سورەتی فاتحە شەش ئایەتە فەرموی ( بسم الله الرحمن الرحیم ) ئایەتێکە لە فاتحە (دار قطنی ریوایەتی کردووة ٨٧/٢ بە ژمارە ١١٩٤ و بە صحیحی داناوە. کەواتە ئەگەر ئایەتێك بێت لە فاتحە حوکمی ئایەتەکانی تری هەیەو پێویستە بەدەنگی بەرز بخوێندرێت.

هــ-لە وەڵامی ئەو فەرموودەیەی کە بخاری و مسلم لە ئەنەسی کوری مالیك ڕیوایەتیان کردووە کە ئەنەس دەفەرموێ:(صلیت خلف النبِّی صلی الله علیه وسلم وأبی بکر وعمر وعثمان فکانوا یفتتحون بالحمد لله رب العالمین...) زانایان دەفەرمون مەبەستی ئەوەیە کە بە سورەتی فاتحە نوێژیان دەست پێدەکردو هیچ سورەتێکی تریان لە پێش فاتحە نە دەخوێند.

هەر یەك لە ئیمامی سیوطی لە کتێبی تدریب الراوی ٢٥٤/١ و ئیمامی عیراقی لە (الفیە)کەی و سەخاوی لە (فتح المغیث) ٢٨٠/١ ئەم فەرمودەیەی ئەنەسیان بە معلل داناوە مانای ئیشی پێ ناکریت.

و-ئیمامی شافعی لە کتیبی (الأم ١٣٠/١) لە ئەنەسی کوڕی مالیك ڕیوایەت دەکات دەفەرموێ حەزرەتی موعاویە ڕەزای خوای لێبێت هاتە مەدینە پێش نوێژی بۆ خەڵك کرد ( بسم الله الرحمن الرحیم) ی لە فاتحە نەخوێند لە ڕیوایەتێك لە فاتحە خوێندی بەلام لە سورەتی دوای فاتحە نەیخوێند... کە نوێژ تەواو بو هاوەڵان لێی کۆبونەوە وتیان ئەی موعاویە ئەوە چیە دزیت لە نوێژەکە کرد (بۆیان راست کردەوە) ئەنەس دەفەرموێ پاشان موعاویە ( بسم الله الرحمن الرحیم ) لە پێش فاتحەو لە پێش هەموو سورەتێك دەخوێند کە لە نوێژدا دەیخوێند.

بۆیە زانایان دەفەرمون ئەمە وەك ئیجماعیکی هاوەڵانی پێغەمبەر وایە کەواتە با ئێمەش پابەند بین بەفەرمودەی سەر مەزهەبەکەمان و لە ڕای زۆرینە لا نەدەین و ئەم سوننەتە تەرك نەکەین.

**٦-دوای نوێژە فەرزەکان زۆر گرنگە زیکرو تەسبیحات بکرێت بەتایبەت زیکرە بیستراوەکان لە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت.**

خوای گەورە دەفەرموێ:(وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ)(سورە:ق/٤٠)زانایانی تەفسیر دەفەرموون مەبەستی زیکرکانی دوای نویژەفەرزەکانە.

ئەبو هوریرە رەزای خوای لیبێت دەفەرموێ گوێم لە پێغەمبەر بوو دەیفەرموو ( مَنْ سَبَّحَ دُبُرَ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ، وَكَبَّرَثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ، وَحَمِدَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ، وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٍ، غَفَرَت خطاياه وَإِنْ كَانَتْ ذُنُوبُهُ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ) رواه مسلم ٤١٨/١ بەژمارە ٥٩٧.واتە:- هەر كەسێك لە دوای هەر نوێژێك (٣٣) جار بڵێت (سبحان الله ) و (٣٣) جار بڵێت (الحمد لله ) و (٣٣) جار بڵێت (الله أكبر) كە دەكاتە (٩٩) جار لە سەری سەدەمین بڵێت (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ) لە هەندێك لە ڕیوایەتەكان بە زیاد كردنی ( يحی ويميت ) لە دوای ( وله الحمد) خوای پەروەردگار لە گوناهەكانی خۆش دەبێت ئەگەر چی گوناهەكانی وەك كەفی سەر دەریا زۆر بن.

-لە ثەوبانەوە ڕیوایەت كراوە دەفەرموێ پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت كە لە نوێژ تەواودەبوو سێ جار دەیفەموو: (أستغفر الله) پاشان دەیفەرموو:( اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت يا ذا الجلال والإكرام )و لە هەندێك لە ڕیویەتەكان بە زیاد كردنی وشەی ( فحينا بالسلام ) لە دوای ( ومنك السلام ) ئیمامی مسلم ڕیوایەتی كردووە ٤١٤/١ بەژمارە ٥٩٢.

-وە لە موغیرەی كوڕی شوعبەوە دەفەرموی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لە دوای هەموو نوێژێك كە سەلامی دەدایەوە دەیفەرموو:(لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ) ئیمامی مسلم ڕیوایەتی كردووە ٤١٤/١ بەژمارە ٥٩٣.

-هەروها سوننەتە (آية الكرسی) بخوێنرێ لە ئەبو ئومامەوە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموی:(من قرأ آية الكرسی دبر كل صلاة مكتوبة لم يمنعه من دخول الجنة إلاّ أن يموت) واتە: هەر كەسێك آيە الكرسی بخوێنی لە دوای هەمو نوێژێك ڕێگر نابێت لە چونە بەهەشتی جگە لە مردن نەبێ، واتە كە مرد دەچێتە بەهەشتەوە. ئيمامی نەسائی ٤٤/٩ بە ژمارە ٩٨٤٨ ڕيوايەتی كردوەو زانايانی حەديس و ئەلبانی بە صحيحيان داناوە. بروانە: سلسله الأحاديث الصحيحة ٦٦١/٢ بەژمارە ٩٧٢.

-هەروەها سوننەت و خێرە ئەو زيكرانە بەدەنگی بەرز بوترێن بۆ ئەوەی خەڵكی فێربن و تەركی نەكەن، وە لەسەردەمی پێغەمبەردا بەدەنگی بەرز خوێندراون. عن ابن عباس رضي اللهّ عنهما : (أَنَّ رَفْعَ الصَّوْتِ بِالذِّكْرِ حِينَ يَنْصَرِفُ النَّاس مِنْ الْمَكْتُوبَةِ كَانَ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ صلى الله عليه و سلم، وَقَالَ ابْنُ عَبَّاس كُنْتُ أَعْلَمُ إِذَا انْصَرَفُوا بِذَلِكَ إِذَا سَمِعْتُهُ) أخرجه البخاری١٦٨/١ بەژمارە ٨٤١ و مسلم ٤١٠/١ بەژمارە ٥٨٣.

واتە:ئيبن عەبباس دەفەرموێ بەرزكردنەوەی دەنگ بۆ خوێندنی زيكرەكانی دوای نوێژ كاتێك كە خەڵكی لە نوێژە فەرزەكان تەواو دەبوون لە سەر دەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت) هەبوو من بەدەنگ بەرزكردنەوەی زيكرەكان دەمزانی خەڵك لە نوێژ تەواو بوون.

**٧-خێرزیاتر لەوە دایە ئەو زیکرانە بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێن.**

ئەبو هورەیرە و ئەبو سعیدی خودری دەفەرمون پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموی:(لا يقعد قَوْمٌ يذكرون الله عز وجل إلاّ حَفَّتْهُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ ونَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَذَكَرَهُمُ اللهُّ فِيمَنْ عِنْدَهُ) واتە: هەر خەڵكێك دابنیشن لە شوێنێك زیكری خوا بكەن ئیللا فریشتەكان چوار دەوریان دەگرن و ڕەحمەتی خوا دایان دەپۆشێت و ئارامی و هێمنی بە سەریاندا دادەبەزی و خوا لای نزیكانی خۆی باسیان دەكات. ئیمامی موسلم ڕیوایەتی كردوە ٢٠٧٤/٤ بە ژمارە (٢٧٠٠).

**٨-لە نوێژی بەیانی قنوت بخوێندرێ.**

لە ئەنەسی كوری مالیكەوە ریوایەت كراوە دەفەرموێ:( قَنَتَ شَهْرًا يَدْعُو عَلَيْهِمْ، ثُمَّ تَرَكَهُ، وَأَمَّا فِي الصُّبْحِ، فَلَمْ يَزَلْ يَقْنُتُ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا)مانای: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) ماوەی مانگێك لەهەموو نوێژە فەرزەكان دوعای قنوتی خوێند و تیایدا دوعای لەو بێ باوەرانە كرد كە كۆمەڵێك لەهاوەڵە قورئان لەبەرەكانیان شەهید كرد كەناردبونی بۆ ئەوەی قورئانیان فێر بكەن، دوای مانگەكە وازی لێ هێنا، تەنها لە نوێژی بەیانیان بەردوام بوو لەسەر قنوت خوێندن تیایدا تا دونیای بەجیهێشت. ئەم فەرمودەیە ئیمامی بەیهەقی لە (السنن الكبرى) ٢٨٧/٢ ریوایەتی كردووە وئیمامی نەوەوی لە مجموعدا ٣/ ٤٨٤.بە صحیحی داناوە. وئیمامی مەقدیسی لە كتێبی (المستخرج من الأحاديث المختارة) ١٣٠/٦ بە حەسەنی داناوە و ئیمام حافزی عیراقی

لەکتیبی (طرح التثریب) ٤٢/٣ وئیبن الملقن لە کتیبی (البدر المنیر) ٦٢٠/٣ دەفەرمون لەهەرچوار خەلیفە ڕاشیدەکە ڕیوایەت کراوە کە لە بەیانیاندا بەردەوام قنوتیان خوێندووە.

**٩-سوننەتی پێش نوێژی جومعە**

سونەتێکی دیکە لەو سوننەتانەی کە پێویستە نوێژخوێنانی مزگەوتەکان تەرکی نەکەن و خۆیان لەوخێرە بێ بەش نەکەن سونەتی پێش نوێژی جومعەیە چونکە چەندین بەڵگەی تەواوی لەسەر هەیە و پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێ) ئەم سونەتەی ئەنجام داوە هەندێك لەو بەڵگانە:

أ-لەئەبو هوڕەیڕەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرموێ سولەیکی غەتەفانی هات بۆ مزگەوت لەکاتێکدا پێغەمبەر درودی خودای لێبێت خوتبەی جومعەی دەخوێندەوە پێغەمبەر پێی فەرموو(أصلَّیتَ رکعتین قبل أن تجيء؟ قال:لا،قال: فصل رکعتین و تجَوّز فیهما).

قال الحافظ ولي الدین العراقي في (طرق التثریب في شرح التقریب ٢٤/٣). رواه ابن ماجه في سننه بإسناد صحیح. واتە: ئایا دوو رکاتت کرد پێش ئەوەی بێیت بۆ مزگەوت فەرمووی نەخێر فەرمووی کەواتە دوڕکات بە کورتی بکە، زانای بەناوبانگ مەجد ئیبن تەیمیە باوکی ئیبن تەیمیە دەفەرموێ وتەی ( قبل أن تجيء) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەمەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) ئەو دوو ڕکاتە راتیبەیە کە لەپێش جومعە سوننەتە ئەنجام بدرێت نەك تحیة المسجد.

ب- ئیبن حەببان  لە نافع کە یەکێکە لە تابعین ڕیوایەت دەکات و دەفەرموێ ئیبن عومەر (ڕەزای خودای لێبێت) پێش نوێژی جومعە چوار ڕکاتی سوننەتی دەکرد و درێژیشی دەکردەوەو وە لە دوای نوێژی جومعەش کە دەگەڕایەوە ماڵەوە دوو ڕکاتی دەکردو دەیفەرموو پێغەمبەر (درودی خودای لێبێت) وای دەکرد.( بڕوانە صەحیحی ئیبن حەببان) ٢٢٧/٦، فەرموودەی ژمارە ٢٤٧٦ وەئیمامی زەیلەعی لە کتێبی ( نصب الراية ٢٠٧/٢)، و شیخ شوعەیب ئەرنەئوت دەفەرمون سەنەدەکەی صەحیحە لە سەر شەرتی بوخاری، وە ئەلبانی بە صەحیحی داناوە.

د-لە ئیمامی عەلیەوە ڕەزای خوای لێبێت ڕیوایەت کراوە، دەفەرموێ:(أن الرسول صلى الله عليه و سلم صلى قبل الجمعه أربعاً وبعدها أربعاً) واتە پێغەمبەری خوا پێش نوێژی جومعە چوار ڕکاتی کردووە دوای نوێژی جومعەش چوار ڕکاتی کردووە. ئەم فەرمودەیەش ئیمامی زەینەدینی عێراقی لە کتێبی (طرح التثريب ٤٢/٣ ) دەفەرموێ: (إسناده جيد).

هــ-پێغەمبەری خوا (درودی خودای لێبێت) دەفەرموێ:( مَا مِنْ صَلاَةٍ مَفْرُوضَةٍ إلاّ وَبَيْنَ يَدَيْهَا رَكْعَتَانِ)ئیبن حەببان ریوایەتی کردووە و شێخ شعیب ئەرنەئوت بە صحیحی داناوە واتە: هیچ نوێژێکی فەرز نیە کە لە پێشی دوڕکات سوننەت نەبێت. خۆ ئیجماعی زانایانیش هەیە لەسەر ئەوە هەیە کە نوێژی جومعە یەکیکە لە نوێژە فەرزەکان.

و-پێغەمبەری خوا درودی خودای لێبێت دەفەرموێ:(بين كل أذانين صلاة) واتە: لە نێوان هەر بانگ و قامەتێکدا نوێژێکی

سوننەت هەیە، چونکە قامەتیش بە بانگ بەکارهاتووە لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا درودی خودای لێبێت وەك رون کرایەوە.

**١٠- بانگی دووەم بۆ نوێژی نیوەڕۆی هەینی:**

کاتێك کە پێویست بوو ئیمامی عوسمان (درودی خوای لە سەر بێت) بڕیاری پێداو بانگی دووەمی داهێناو، یارانی خۆشەویست هەرهەموویان یەکدەنگ بوون لە چەسپاندنی و رەخنەیان لێ نەگرت کەواتە: بانگی دووەمی رۆژی هەینی بوو بە ئیجماعیکی سکوتی وەك شارحەکانی صەحیحی بوخاری ئیمامی قسطلانی و بدر الدین العینی دەفەرموون. بروانە (إرشاد الساری٥٨٥/٢، عمدة القاری(٢١١/٦)، وە ئەو ئیجماعەی لە سەر چەسپا زیاتر لە (١٤٠٠) هەزارو چوار سەد ساڵە، بۆیە پێویستە مەلایان وخەلکی کوردستان بەردەوام بین لە سەری وئەو ئیجماعە تێکنەدەن. وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه أجمعین.

**لیژنەی فەتوای هەولێر**

**لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

٨/محرم/١٤٣٦ کوچی - ٢٠١٤/١١/١زاینی.